

# پێ شێل کردنی مافی نەتەوەکانی ئێران دەردێکی مێژووییە

babashex_hsaeni@yahoo.com

ڕاپەڕین و ئاخێزی هاونیشتمانانی تورك لە شارەکانی ئازەربایجانی خۆرهەڵات و خۆرئاوا، جارێکی دیکە ئەو پرسیارەی هێنایە گۆڕێ کە ئایا خەڵکی ئێران و بە تایبەت نەتەوە و قەومەکان لە ئێران مافی بەرانبەریان بۆ لە بەر چاو گیراوە؟

ئەگەر سەرنجێك بدەینە مێژووی ئێران، دەبینین کە لە درێژەی ساڵە یەك لە دوای یەکەکان دەسەڵاتدارانی ئێران مافی نەتەوەیی و مەزهەبیەکانی خەڵکی ئێران بە تایبەت نەتەوە جیاجیاکانی لە ئێرانیاندا پێ شێل کردووەو باج و خەراجیان لێ ستاندوون.

ئاشکرایە لە ماوەی ٢٧ ساڵ دەسەڵاتی نامەشروعی ئاخوندەکان بە سەر ئێراندا. ئیستبداد و سەرکوتی خەڵك و ژێر پێ نانی مافی تاکەکەسی و وەحشیانە لە ژێر ناوی ئیسلام یان تەواوەتیی ئەرزی ئێران زەمین بەردەوام بووەو ئێستاش درێژەی هەیە.

ڕاپەڕینی ئەم دواییانەی گەلی تورك وەك یەکێك لە نەتەوەکانی پێك هێنەری ئێران ئەو ڕاستیەی بۆ ئەوانە دەرخست کە خەباتی گەلی کوردیان بە جودایی خوازی دەناساند باشتر ڕوون بۆوە خەڵکی کورد مافەکانیان کە لە ماوەی دەیان ساڵە پێ شێل کراوەو بۆ هاتنەدی ئەو مافانە ڕێگەی خەباتیان بە ناچاری هەڵبژاردوە.

جێگەی داخە لە ماوەی ساڵانی خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، کەمتر شاهیدی ئەوە بووین کە روناکبیران و زانایانی ئێرانی لە موبارزەی مەشروعی گەلی کورد، کە گەلێکی خاوەن مێژووی کۆنی هەزاران ساڵە لە نیشتمانی خۆیدا، دیفاع بکەن و تەنانەت بە پێچەوانەوە کەسانێك بوون و هەن کە بە هاودەنگی لەگەڵ خومەینی فرمانی جیهادی لە دژی خەڵکی کوردستانیان تەئیید کردوە.

تەوهین و بێ حورمەتی بە هاونیشتمانانی تورك لەلایەن رۆژنامە دەوڵەتیەکان راستی دژی خەڵکی بوون و خۆ بینینی حاکمیەتی ئاخوندی و نەبوونی هەر نەوعە ماف و بەشێکی نەتەوەو قەومەکان لە ئیدارەکردنی وولات و بەرێوەبەری حاکمیەت و دەسەڵاتدا.

بە داخەوە لە ماوەی ڕاپەرینی خەڵکی شارەکانی ئازەری لە پارێزگاکانی ئازەربایجانی خۆرهەڵات و خۆرئاوا، ئەوتۆمەتانەی بە خەڵکی کورد دەگوترێن، بە خەڵکی ڕاپەریوی ئازەریش دەگوترێ و بە نۆکەری بێگانە و ستونی پێنجەم دەناسێندرێن لە رێگەی رادوی و تلویزیونی رژیم و بڵاوکراوە دەوڵەتیەکانەوە. لە ڕابردوودا ژمارەییێك لە روناکبیرەکان، خەڵکی کورد و خەباتە چەندین ساڵەکەیان دەخستە ژێر پرسیارەوە و ئەو خەباتەیان بە نامەشروع ناو دەهێنا. بەڵام ئێستا هەموو بە چاوی خۆیان دەیبینن، کە حاکمانی ویلایەتی فقیە چی بە سەر خەڵکی تورك دەهێنن، مەگەر رژیم نەتەوەی تورکی لە پایەکانی بەهێزی دەسەڵات ناو نەدەهێنا؟ مەگەر خامنەیی بۆ چاوبەست و فریوی هاونیشتمانانی تورك هێندێك جار چەند قسەی بە زمانی تورکی نەکرد؟ بەڵام روون بۆوە کە ئاخوندەکانی حاکم نەك گرینگی بە کەس و هیچ نەتەوەییێکی ئێرانی نادەن و رێگە نادەن نەتەوەکان لە ئێران لە بەرێوەبردنی وەڵاتدا بەشیان هەبێ و رێگە نادەن ناوچە و نیشتمانی خۆیان بە دەستی خۆیان ئیدارەکەن، بەڵکوو بە تەواوی توانایان لە هەوڵی لە ناوبردنی نەتەوەوژژ فەرهەنگ و مەزهەب و ئایینەکانی دیکەدان.

دەسەڵاتدارانی رژیم ٢٧ ساڵی تەواوە ئاور و بومب بە سەر خەڵك دا دەرێژن و شکەنجە، ئیعدام، پێ شێل کردنی مافی مرڤیان بۆ کوردستان بە دیاری هێناوە، ئەویش تەنیا لە بەر ئەوەی کورد نەچۆتە ژێر باری زوڵم و ئیستبداد، و بۆ ئەوەی مافی رەوایان لەو چوارچێوەی ئێرانێکی ئازاد و دموکراتیك دەوێ.

شك لەوەدا نیە کە لە ماوەی ٢٧ ساڵی رابردوودا، زوڵم و بێ عەداڵەتی لە ئێران دا بەردەوام بووە کە نمونەی روون و دیاری ئەو زوڵمانە، سەرکوتی وەحشیانەی خەڵکی تورك زمان لە شارەکانی تەورێز،میاندواو، نەغەدە، خوی...بوو.

ڕاپەرینی هاونیشتمانانی تورك زمان لە شارە جیاجیاکان بەڵگەی روونن لـە سـەر سـتەمگەر بوون و ئیستبدادی بوونی لە ڕادەبەدەری دەسەڵاتی ئاخوندی و رەوا بوونی هاواری ئازادیخوازی تێکڕای خەڵکی ئێران و نەتەوە جیاجیاکانی.

ڕاپـەرینی هاونیـشتمانانی تـورك و کـردەوەی درندانـەی رژیـم و هێـزە ئەمنیەتیـەکان لـە بەرانبەریان دا و بە شەهادەت گەیاندنی ژمارەییێك لە هاونیشتمانان، یەك دەنگـی لـە نێـوان تێکڕای چینە جیاجیاکانی ئێرانی و بەتایبەت نەتەوەکان کردە کاری حـەیاتی و پێویـست لـە ئیستادا.

دەبێ خەڵکی ئازەری و تورك زمان و خەڵکی کوردسـتان وەك دوو دراوسـێ لـە ئێرانـدا، بـە هاوکاری و تەبایی هەر چێ زیاتر، لە دژی ئیستبدادی ئاخوندی هەنگاو هەڵ گـرن و نـەهێڵن رژیم و بەکرێگیراوانی لە نێوان ئەو دوو نەتـەوە دراوسـێ یـەدا نـاکۆکی و دووبـەرەکی پێـك بهێنن.

راپەرین و ئاخێزی چەند حەوتووی جەماوەر لـە ژمارەییێـك لـە شـارەکان و لـە پارێزگاکـانی ئازەربایجانی خۆرهەڵات و خۆرئاوا، هەنگاوێکە بـەرە و ئـازادی و رزگـاری تێکـڕای خـەڵکی ئێران و بۆ هاتنەدی قازانجەکانیانە لە دژی تەواوی دەسەڵاتداری ئاخوندی.

بابەشێخ حوسینی